پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

# بۆچوونێکی نوێ لەسەر سەرەتای شیعری نوێی کوردی
# دوکتۆر لویس ئۆلسن فاسووم وەک پێشـەنگ

سەلاحەددین ئاشتی[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۱۳ مرداد ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۱۹ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۹۳-۲۰۳

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.257

**پوختە**

گەرچی توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شیعری نوێی کوردی لە دەیەی دووهەم و سێهەمی سەدەی بیستەمدا و بە ڕوانینێکی وردتر لە ساڵی ۱۹۱۸ بەم لاوە لە دەڤەری سلێمانی و لە سەر دەستی شاعیرانێک وەک شێخ نووری شێخساڵح و پاشان گۆران چەکەرە و گەشەی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا دەکرێت تەنانەت بەر لە پشکووتنی سەدەی بیستەم هەندێ ڕەگەزی تازەبوونەوە لە شیعری شاعیرانێکی وەک حاجی قادردا بەدی بکەین. ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بڕیارە بە شێوازێکی شیکارانە و بەپێی لێکدانەوەی بەڵگەکان لە سەری بڕوات، ئەو بابەتەیە کە لە ڕاستیدا پێشتر لە ساڵی ۱۹۱۸ لە شوێنێکی تر و کەسێکی تر دەستی داوەتە نوێکردنەوەی شیعری کوردی؛ ئەویش قەشەیەکی ئەمریکی-نۆرویژییە بە ناوی لویس ئۆلسن فاسووم کە ساڵی ۱۹۱۲ لە مەهاباد بەرهەمێکی لە چاپ داوە کە هەندێ شیعری کوردی بە شێوازی نوێ و لەسەر کێشی پەنجەیی تێدا بەدی دەکرێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** شیعری نوێی کوردی؛ سەرهەڵدان؛ تازەبوونەوە؛ پێشەنگی شیعری نوێ؛ لویس ئۆلسن فاسووم.

**چکیده**

تاکنون در اکثر پژوهش‌ها بر این امر تأکید شده است که شعر نو کردی در دهه دوم سده بیستم و یا با بیانی دقیق‌تر از سال ۱۹۱۸ به این سو، در حوالی سلیمانیه و از سوی شاعرانی نظیر شیخ نوری شیخ صالح و گوران رشد و نمو یافت. گرچه می‌توان نشانه‌ها و شکفتن‌هایی را در پیشتر از این زمان، به‌ویژه در اشعار شاعرانی همچون حاج قادر مشاهده کرد، اما این پژوهش قصد دارد به روشی تحلیلی–توصیفی و بر مبنای اسناد و مدارک نویافته، این شاخص‌ها را تغییر دهد و دیدگاهی نوین ارائه نماید؛ بدین ترتیب که در واقع پیش از این تاریخ و در مکانی دیگر، شاعر دیگری اقدام به سرودن شعر کردی به سبک و سیاق نو کرده است؛ این شاعر یک مبلغ آمریکایی–نروژی به نام لویس اولسون فاسوم است که به سال ۱۹۱۲ در مهاباد اثرش را به چاپ رسانده است که حاوی چند شعر کردی با سبک نو و بر اساس وزن هجایی است.

**واژگان کلیدی:** شعر نو کردی؛ سرآغاز؛ نوگرایی؛ پیشگام شعر نو کردی؛ لویس اولسون فاسوم.

## ۱ـ پێشەکی

وەک ناسراوە و وا لێکدراوەتەوە سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی، مێژوویەکی دووری هەیە و دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ هەندێ ڕەگەز و نیشانەی وەک تێکشکانی تەفعیلە و لادان لە یاسا باوەکانی شیعری کلاسیک لە لای حاجی قادرەوە؛ واتە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا. دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شاعیرانێکی وەکوو شێخ نووری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری چەند هێما و نیشانەی تریان خستە سەری و بە چەند هەنگاوی زەقی تر بردیانە پێشەوە،

۱. توێژەری سەربەخۆ، مەهاباد، ئێران
s.ashti42@gmail.com

تا دەوری گۆران هات و ئیتر ئەو بە شێوازێکی بنەڕەتی و بە ڕاشکاوی بناغەی و نەریتە باوەکانی شیعری کلاسیکی تێکدا و ڕەوت و فۆرمی شیعری کوردی بردە قۆناغێکی نوێوە گۆڕانێکی هەمەلایەنەی تێدا بەدی هێنا. تا ئێستا ئەمانە دیارترینی ئەو هەوڵ و هەنگاوانە بوون لە پێناوی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دراون و باسیان کراوە و ئاوڕیان لێدراوەتەوە؛ بەڵام بێگومان کەسانی تریش بوون و کەموزۆر لەم ڕەوتانەدا دەوریان بووە و پەنجەمۆریان تا ڕادەیەک دیارە؛ بەڵام ئەوەی ئەم وتارە دەیهەوێت دەستنیشانی بکات؛ کەسێکی تر و هەنگاوێکی ترە.

## ۱ــ۱ــ گرنگی و شرۆڤەی بابەت

لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر زمان و بەتایبەت ئەدەبی کوردی هێشتا کرچ و کاڵە و ئەم بوارە ڕچە و ڕێگای نەکوتراوی زۆرە. بابەتێکی گرنگ وەکوو دەستپێکی شیعری نوێی کوردی و ڕەوت و سەرهەڵدان و گەشە و پەرەسەندنی لەو بابەتانەیە، لێکۆڵینەوە و سەنگ و سووژن و پێداچوونەوەی زیاتری دەوێت. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی شیکاری-بەڵگەیی بە دوای سەرەداوێک لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا دەگەڕێت و دەیهەوێت باس لە لویس ئۆلسن فاسووم بکات کە لەو ڕەوتانەدا تا ئێستا جێگەی نەناسراوە و ئاوڕێکی ئەوتۆ لە ئەو هەنگاوەی بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەڵی گرتووە، نەدراوەتەوە؛ بۆیە زۆر بەجێ و پێویستە سووچێکی ئەو بەشە لە مێژووی شیعری نوێی کوردی لە ڕوانگەیەکی ترەوە بخوێندرێتەوە و بدرێتە بەر لێکدانەوە و توێژینەوەی زانستی و بەڵگەدار.

## ۱ــ۲ــ پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی و سەردەم و پێشەنگەکانی دیارە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە و لە زۆر سووچەڕوانینەوە دراوەتە بەر نەشتەری توێژینەوە و لێکدانەوە؛ بۆ نموونە، تاقانە (۲۰۰۱) شێخ نووری شێخ ساڵح لە نێو بازنەی پێشەنگەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ناو دەبات و دەیباتە ژێر سێبەری کاریگەری تۆفیق فیکرەت، شاعیری تورک. ڕەفیق حیلمیش (۲۰۱۰) کە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی لە ساڵی ۱۹٤٦ و بەرگی دووهەمی لە ساڵی ۱۹٥٦ چاپ کردووە؛ پێشتر لە باسی گۆران و شێخ نووریدا لەسەر ئەم بابەتە وردبۆتەوە و لەگەڵ ئەوەی شێخ نووریی بە پێشەنگ داناوە؛ دەور و کاریگەریی گۆرانی مەزنتر نرخاندووە. عوسمان دەشتی (۲۰۰۹) لە کتێبی *ئەزموونی شیعریی ناوچەی موکریان*دا جگە لەوەی ئاوڕی لە سەرهەڵدانی قوتابخانەی بابان لەم ناوچەیەدا داوەتەوە؛ کورتەباسێکیشی لە چەشنی ڕاچەنین و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکی کە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دەوری بووە، ئاراستە کردووە؛ بەڵام ڕاستەوخۆ نەچۆتە سەر ئەو باسەی مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەیە. ئەم توێژەرە لە بەرهەمێکی تریشدا (۲۰۱۳) ئەم باسەی بە شێوازێکی تر ورووژاندووە. توێژەرێکی تر لە وتارێکدا لە ژێر ناوی گۆران پێشەنگی شیعری کوردی (۲۰۲۰) هەرچەند سەردێڕەکەی ورد و ڕێک نییە و بۆچوونێکی لاڕێگەرانە دەستنیشان دەکات؛ بەڵام ئاماژەی بە هەر دوو شاعیر، واتە گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح کردووە و گۆرانی بە «پێشەنگی حاشا هەڵنەگری شیعر و هۆنراوەی کوردی» داناوە (هەمان: ۹۳). وەک دەبینین لە هیچکام لە توێژینەوەکانی پێشکەشکراودا ناو و نیشانێ لە لویس ئۆلسن فاسووم نییە و جێگەی لە نێو بازنەی پێشەنگەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، خاڵییە. لێرەدا گرنگی بابەت و پێویستیێتی توێژینەوەکە لەم بارەوە زیاتر دەردەکەوێت.

## ۲ــ باسی سەرەکی

## ۲ــ۱ــ ژیان و بەسەرهات

لویس ئۆلسن فاسووم، ناسراو بە لودویگ فاسووم، ساڵی ۱۸۷۹ لە ئەیالەتی «ئیۆوا» ی ئەمریکا، لە نێو بنەماڵەیەکی بە ڕەسەن نۆرویژی پێی ناوەتە جەغزی ژیان. فاسووم هەر لە بەرەبەیانی فامین و هەرەتی گەنجییەوە مەیلی بەرەو دنیای ڕووحانی بزووتووە و لەسەر بڕینی ئەم ڕێبازە ساڵی ۱۸۹٤ وەک ئەندامی کلیسای ئێمانوێلی ڕۆژهەڵات وەرگیراوە. ساڵی ۱۸۹٥ چووەتە

کۆلێژی ئینجیلی لـوتێریی «سەنت ئانسگار» کە ئامانجی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی پیاوان بووە؛ بۆ ئەوەی ببنە قەشە. ساڵی ۱۸۹۹ بۆ درێژەدان بە خـوێندن چـۆتە ناوەندی دینپـەروەریی «سەنت پاول» و تا ساڵی ۱۹۰۲ ئەم قۆناغەشی بڕیوە و بۆتە قەشە و وێدەچێت بڕوانامەی کارناسی لەم ناوەندە وەرگرتبێت.

فاسووم ساڵی ۱۹۰۲ پاش تەواوکردنی خوێندن، لەگەڵ خاتوو «ئۆدین گرانگارد» ناسراو بە «دینا» زەماوەندی کردووە. پاش دوو ساڵ مانەوەی لە «سلایتۆن» لەسەر داوای قەشەیەکی ئێرانی بە ناوی «مەلەک» بە مەبەستی یاریدەی نەستووریییەکان و بەلەنگازان و پەرەدان بە مەسیحایەتی، ساڵی ۱۹۰۵ بە بنەماڵەوە چۆتە ئێران و لە شاری ورمێ نیشتەجێ بووە. پاش دوو ساڵ کارکردن، نەخۆشی ڕوو دەکاتە ماڵیان و ساڵی ۱۹۰۷ «ئالفیا» ی نۆبەرەی پێنج ساڵانەیان دەمرێت و لە چیای «سیر» دەنێژرێت. فاسووم لە ترسی ئەوەی نەکا هاوسەرەکەشی تێدابچێت؛ خێرا دەینێرێتەوە ئەمریکا و خۆی تا ساڵی ۱۹۰۹ لەوێ دەمێنێتەوە و فێری سۆریانی نوێ و تورکی دەبێت.

ساڵی ۱۹۱۰ لە «ئێدینبورگ» ی سکاتلەند، کۆنفرانسێک بۆ لێدوان لەسەر کار و چالاکیی میسیۆنێران پێک‌دێ کە ڕەنگە خودی فاسوومیش تێیدا بەشدار بووبێت. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار دەدرێت تا کلیسای لوتێری ئەمریکا باڵ بە سەر هەرێمی کوردستان، واتە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران بکێشێت. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا «کۆمەڵەی هاوبەشی ئەنجومەنەکانی لوتێریی میسیۆنی ڕۆژهەڵات» دادەمەزرێت. چاپ و بڵاوکرانەوەی گۆڤاری *کوردستان میشنێری*، بەرهەمی ئەم کۆنفرانسەیە و فاسووم و هاوڕێیەکی وەک نویسار هەڵدەبژێردرێن و لە ئۆکتۆبری ساڵی ۱۹۱۰ یەکەم ژمارەی گۆڤاری *کوردستان میشنێری* بە زمانی ئینگلیسی لە ئەمریکا چاپ دەکرێت. لەم گۆڤارەدا باسی کار و چالاکییەکانی مسیۆنێران کراوە و گەلێک هەواڵ و بابەت سەبارەت بە کوردستان تێیدا ڕەنگی داوەتەوە؛ نێوەنێوە پەرەپێدانی دینیشی تێدا ڕەچاو کراوە. ئەم گـۆڤارە تا ساڵی ۱۹۲۸ هەر بەم ناوە درێژەی بە مانـەوە داوە؛ بەڵام لەو ساڵەوە ناوی بە *ئۆریانت میشن* گۆڕاوە.

فاسوومی ئەمریکایی ـ نۆروێژی، لەسەر ڕاسپاردەی کۆنفرانسی ئێدینبورگ، ساڵی ۱۹۱۱ بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی، بنکەی خۆی لە ورمێوە دەگوازێتەوە سابڵاغ، واتە مەهابادی ئێستا. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە پێش فاسووم و هاوڕێیانی دەستەیەک میسیۆنێری ئاڵمانی لە سابڵاغ بنەیان دانابوو. ئەم قەشەیە تا ساڵی ۱۹۱۶ لە سابڵاغ ماوەتەوە و فێری زمانی کوردی بووە و بەپێی نووسینی خۆی لە *کوردستان میشنێریدا* میرزا ڕەحمانی حاجی نەورۆز، واتە باب و باپیری بنەماڵەی مۆزیقاچی کە ئێستا بە «جەننەتی» ناسراون؛ مامۆستای بووە و لە وەرگێڕانی *ئینجیلدا* یاریدەی داوە و دەبێت تا ڕادەیەکیش لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک نزا و پاڕانەوەدا هاریکاری بووبێت. بەپێی دەقی سەرچاوەکان، فاسووم لە زمانزانیدا کەسێکی وریا بووە و بە حەوت زمانی جیاوازی: سوێدی، دانمارکی، نۆروێژی، ئاڵمانی، کوردی، سۆریانی و ئینگلیسی وتار و لێدوانی بووە و یۆنانی، عیبری، فەڕانسی و تورکیشی زانیوە. بەکورتی، فاسووم پاش سەرهەڵدانی بارگرژی لە ناوچەکە و گەڕانەوەی نابەدڵانەی بۆ ئەمریکا لە ساڵی ۱۹۱۶ دا، دەست دەکاتەوە بە خوێندن و ساڵی ۱۹۱۹ لە کۆلێژی ئۆسکالووسا بڕوانامەی دوکتۆرا وەردەگرێت و دەبێ کتێبی *ڕێزمانی زمانی کوردی بەکردەوەی* وەک تێزی دوکتۆرا پێشکەش کردبێت.

فاسووم خۆی بە ئەویندارى کوردان داناوە و سابڵاغی وەک ناوەندی چالاکییەکانی هەڵبژاردووە. ساڵی ۱۹۱۹ دیسان ئارای لێ‌دەبڕێت تا بەرەو شوێنی ئاواتەخواستەی ببزوێت و هەر واش دەکات؛ بەڵام شەڕی نێوان ئەرمەنی و تاتارەکان لە قەفقاز ماوەیەک پەکی سەفەرەکەی دەخات؛ دواتر لە ناوچەی ئێرەوان دەست دەکات بە فریاکەوتنی خەڵک و بەسەر بەشی دابین‌کردنی پێداویستییەکان ڕادەگات. هەرچۆنێک بووبێت، پێش ئەوەی فاسووم بگاتەوە سابڵاغ و چاوی بە هەرەسهێنان و ڕووخانی شوێنی کار و کلیسا و نەخۆشخانەکەیان بکەوێت و لێی ڕوونبێتەوە هەرچی کەلوپەلی بوویانە نەماوە؛ ساڵی ۱۹۲۰ نەخۆش دەکەوێت و پاش چەند ڕۆژێک دەمرێت و وێڕای ئاواتەکانی لە ئێرەوان دەنێژرێت.

### ٢ــ٢ــ بەرهەمەکانی فاسووم

فاسووم وەک مرۆڤێکی بڕوادار و زیرەک و ماندوویی‌نەناس، دەتوانێت لە دنیای زمانی کوردیدا خۆی بنوێنێت و چەندین بەرهەم بکاتە دیاری دەستی، کە زۆربەیان وەرگێڕانن. بەشێک لە نوسراوەکانی خۆی بریتین لە:

ئەلف: *کتێبی شیعرانی ڕووحانی*، وەرگێڕانە و ساڵی ۱۹۱۲ بۆ یەکەمجار چاپ کراوە و بەپێی پەراوێزی دوایین لاپەڕەی ئەم بەرهەمە، دەبێ مەبەستی چاپی دەستنووسی بەشێک لەم شیعرانە بێت کە لە یازدە شیعر تێنەپەڕیون. ساڵی ۱۹۱٤ بۆ جاری دووهەم چاپ کراوەتەوە و پاش پێداچوونەوە، شیعرەکان بوونە چل. ئەم چاپەی دوایی کە هیچ ساڵێکی جگە لە ساڵی ۱۹۱۲ ی بە سەرەوە نییە؛ دەبێ لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۱٤-۱۹۱٥ دا چاپ کرابێت و ۱٤۰ لاپەڕەیە و بریتییە لە سەد دەستەشیعر. وەک فاسووم دەڵێت نیوەی ئەم شیعرانە لە دەقی *ئینجیل* وەرگیراون و سروود و پاڕانەوەکان بە هەوای تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتراونەتەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوێکە فاسووم بۆ ئەو بەشەی کوردستان دایهێناوە و جێگای تێڕامانە. ئەم کتێبە بۆتە نموونەی میسیۆنێرە تازەکان و گەلێکی یاریدەی داون؛ تا هەم فێری زمانی کوردی بن و هەمیش لەگەڵ داڕێژەرانی پاڕانەوە بە زمانی کوردی ناسیاوبن. لەسەر ڕووبەرگی ئەم کتێبە مۆری فاسووم خۆی دەنوێنێت کە نووسراوە: «فاسووم ساحیبی ئەمریکلی، ساوجبلاغی کوردستانی ئێران». هەڵبەت خوێندنەوەی مۆرەکە شێوەی دیکەش هەڵدەگرێت و دەکرێت ئاواش بێت: «فاسووم ساحیبی ئەمریکلی، ساوجبلاغ، کوردستان، ئێران». دیارە وشەی «ساحیب» لێرەدا بە مانای سەروەرە. بۆ لێدوانی زیاتر لەسەر ئەم بەرهەمە دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە، کە مەبەستی سەرەکییە بۆ نووسینی ئەم وتارە.

ب: وەرگێڕانی ئینجیلی موقەددەس بە زاراوەی موکریانی کە هەر چوار گێڕانەوەکەی «مەتتا، مەرقۆس، لۆقا و یووحەننا» لەخۆ دەگرێت و ساڵی ۱۹۱۹ لە ئەمریکا چاپ کراوە و سەرجەم ۳۱۸ لاپەڕەیە، بەڵام چەند ساڵێک پێشتر وەریگێڕاوە.

پ: *ڕێزمانی زمانی کوردی بەکردەوە* کە وەک ژێدەرێکی کار پێکراو و گونجاو، داڕێژراوە؛ بە قەڵەمی خودی فاسووم نووسراوە. ئەم کتێبە بریتییە لە ۲۷۹ لاپەڕە و هەر وەک ئینجیلی موقەددەس ساڵی ۱۹۱۹ لە ئەمریکا چاپ کراوە. ئەم بەرهەمە جگە لە باسی ڕێزمان، چەند دەقێکی دیکەشی تێدایە و بێ‌گومان کورتە پێشەکییەکەی بەیتی «زەنبیل‌فرۆش» کە لە ڕووی دەقی «ئۆسکارمان» ی ئاڵمانییەوە نووسراوەتەوە کە چەند ساڵێک پێش فاسووم گەیبوویە سابلاغ و توانیبووی لە گردوکۆی کتێبێک سەبارەت بە فۆلکلۆری کوردی، سەرکەوتوو بێت و ساڵی ۱۹۰٥ لە بەرلین بە ناوی *توحفەی موزەففەرییە* چاپی بکات. فاسووم هەر لەم بەرهەمەدا دوایین هۆنراوەی *کتێبی شیعرانی ڕووحانی* بە هێندێک جیاوازییەوە نووسیوەتەوە کە هۆنراوەی خۆیەتی و وەک سروودێکی نەتەوەیی باسی کردووە؛ تەنانەت گوتوویەتی دەکرێت لەسەر هەوای «بۆ پێشەوە سەربازانی مەسیحی» بگوترێتەوە.

ت: *کورتەی بنەماکانی مەسیحییەتی لوتێر*؛

ج: *نامیلکەی پاڕانەوەی لوتێری*؛

چ: کتێبی وانەی قوتابخانە، بەتایبەت جوغرافیا و ئەژماردن؛

ح: دانان و ڕێکخستنی قامووس؛ کە دیارە نووسەری ئەم وتارە ئەم چوار بەرهەمەی دوایی نەدیتووە و جگە لەو بەرهەمانە وێدەچێت سەبارەت بە جوغرافیا و مێژووی کوردستانیش بەرهەمی بووبێت. بەپێی دەقی چەند سەرچاوەیەک دوکتۆر فاسووم دەبێ گۆڤارێکی مانگانەشی بڵاو کردبێتەوە؛ بەڵام تا ئێستا کەس ئەم گۆڤارەی نەدیتووە؛ گەرچی لەسەر بەرگی کتێبی ڕێزمانەکەی نووسراوە؛ ئێدیتۆری گۆڤارێکیشە بە زمانی کوردی.

### ۳ـ کتێبی *شیعرانی ڕووحانی* و دەوری لە نوێخوازیی شیعری کوردیدا

وەکوو پێشتر باس‌کرا، مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە تیشک هاویشتنە سەر کتێبی شیعرانی ڕووحانییە، کە دوکتۆر فاسووم بە هەڵێنجان لە کۆمەڵێک دەقی ئایینی بە زمانی کوردی دایڕشتوونەوە. ئەوەی دیارە فاسووم لەم نزا و پاڕانەوانەدا کە خۆی ناوی ناون شیعر و زۆرجار سەربەندیان هەیە؛ ڕووی کردۆتە کێشێکی ئازاد، کە زیاتر وەک کێشی پەنجەیی لە زمانی کوردیدا خۆی نیشان دەدات. سوارەی ئێلخانی‌زادە سەردەمی خۆی گەڕانەوە بۆ سەر کێشی بەیتەکانی کوردی بە ڕێ‌چارەی دەربازبوون لە کێشی عەرووزی داناوە؛ بەڵام خۆی نەیتوانیوە لە شیعرە کوردییەکانیدا لەم کۆت و بەندە ڕزگار بێت و ئەم دەرباز بوونە تەنیا لە چەند شیعرێکی فارسیی ساڵانی دوایی تەمەنیدا، خۆ دەردەخات. بەپێی لێکۆڵینەوەی نووسەری ئەم وتارە، فاسووم بە وردبوونەوە لە کتێبی *توحفەی موزەففەرییەی* ئۆسکارمان لە لایەک و شێوەی زیکر و پاڕانەوەی خۆماڵییانەی کوردی لە لایەکی دیکە گەیشتۆتە داهێنان، یان هێنانەوە ئارای کێشی بەیتی کوردی. بێ‌گومان دەکرێت شێوازی داڕێژەرانی شیعری ئینگلیسیش کاری تێکردبێت؛ بۆیە بە لای نووسەری ئەم توێژینەوەیە دەکرێت دوکتۆر فاسووم وەک یەکەم نوێکەرەوەی شیعری کوردی دابندرێت و سابلاغ ببێتە شوێنی ئەم تازەبوونەوەیە. ڕاستە فاسووم زۆربەی ئەم شیعرانەی لە زمانی دیکەوە کردوونە کوردی، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی بەردەست، هێندێکیان هەر خۆی دایڕشتوون. دەقی ئەم شیعرانە گەرچی هەموویان هاندەری مرۆڤن بۆ خوداناسی و دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاری، بەڵام هێڵێکی نوێ و ڕێبازێکی نوێن لە وێژەی کوردیدا. وەکوو ئاشکرایە ئەم کتێبە بە بەربڵاوی هەم لە نێو خوێندەواران و هەمیش لە نێو میسیۆنێراندا بڵاو بۆتەوە و دەبێ لە زۆربەی کلیساکاندا کاری پێکرابێت؛ بۆیە ناکرێت تەنیا وەک هەوڵێکی نەزۆک تەماشای بکرێت. خۆ ڕاستە ئەم کارە دەسبەجێ وێنەی لێ‌هەڵنەگیراوەتەوە و شاعیرانی بە شوێن خۆیدا پەلکێش نەکردووە و نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕێکی خێرا بەدی‌بێنێت؛ بەڵام بە ڕۆچوون بە بیر و هەستی شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕەوتی دواتری گۆراندا، بۆمان دەردەکەوێت چەخماخەی گەڕانەوە سەر نەریتی کێشی خۆماڵی پێش ئەوان بریسکەی داوە.

شاعیری ئەمریکایی- نۆرویژی بە وەلاتانی پاشسەروا و خۆ نەبەستنەوە بەو هەودایە، ڕچەی شکاندووە و لە کوێ بە پێویستی زانیبێت ئاوڕی داوەتەوە سەر پاشسەروا، یان وەک لە پاڕانەوەدا باوە، سەربەندی داناوە و دووپاتی کردۆتەوە. وەکوو باس کرا، فاسووم پێش ئەوەی بێتە سابلاغ و فێری زمانی کوردی بێت؛ چەند ساڵێک لە ورمێ ژیاوە و لە زمانی سۆریانی و تورکی ڕاهاتووە؛ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت زاڵ‌بوونی ڕێزمانی تورکی بە سەر بیر و زەینیدا، توانیوێتی لە دەقە کوردییەکەشدا ڕەنگ بداتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی دەخەینە ڕوو:

خراپە عەفووم بکە؛ کە دەبێتە: لە خراپە عەفووم بکە!

خولا گەڵت بێ؛ کە دەبێتە: خودا لەگەڵت بێ!

ئەمینداری بمدە؛ کە دەبێتە: ئەمینداریم بدەیە!

فکر بکە سەر مردنی؛ کە دەبێتە: فکر بکە لەسەر مردنی!

دەحەسێمە کن مەسیح؛ کە دەبێتە: دەحەسێمەوە لەکن مەسیح!

یەکێکی تر لە گرێ‌وگۆڵەکانی ئەم ژێدەرە، هەڵە و پەڵەی ڕێنووسی و لەبەرچاو نەگرتنی ڕێنووسێکی یەک‌دەستە. زۆرجار نیشانەی دانەپاڵی ڕەچاو نەکردووە و هەر بەپێی ڕێنووسی کۆنی کوردی جووڵاوەتەوە؛ کە شوێن‌پێی ڕێنووسی فارسیی پێوە دیارە؛ بەڵام جاری واشە کارەکەی وەکوو شێوەی نووسین و دەربڕینی ئێستایە، بەتایبەت لە بنزاراوەی موکریانیدا و «ی» دانەپاڵی پاراستووە. خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج، دانانی چوکڵەیە لەسەر لامی قەڵەو، ئەوی ڕاستی بێت تا ئەو دەمە لەم بوارەدا کارێکی ئەوتۆ نەکرابوو؛ ئەم هەنگاوەی فاسووم لە بواری خۆیدا کارێکی سەرنجڕاکێشە. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم هۆنراوانە، لێرەدا چاوێک دەخەینە سەر شیعری ژمارەی ۹۱:

دەنووین، بلا نە ئەبەدی
زوو سبحەینێکی هەڵدێ
کە وەخەبەر دێین بۆ ژینێ!
وە هەڵدەستین لە قەبری!
بەحر مردووانی دەدا
چۆلان [و] دەشتانیش وەها
بەڵێ، لە کێوێ و دۆڵێ
هەڵدەستن هەموو دنیا!

***

دەنووین، بلا نە ئەبەدی
زوو سبحەینێکی هەڵدێ
کە وەخەبەر دێین بۆ ژینێ!
وە هەڵدەستین لە قەبری!
وەختێ دەبینین
گوڵێکی کە خزمەتمان کردووە
لە دڵی مە توند بکێشرێ
ئاخ چەند گران [ە] ئەو ئێشانە!
[لە] کن قەبری وی ڕادەوەستین
زۆرجاران بە خەمناکی
وە دیارە وەکوو ماوین
دە ئەو دنیا [یەدا] بێ دڵخۆشی
دەنووین، بلا نە [ئەبەدی].

***

دەنووین، بلا نە ئەبەدی
لە ئەو قەبری تاریکدا
خولا شوکر کە هەڵدەگری
خولا شوکر کە دە ئەوێ = [لەوێ]
دە ئەو شاری ڕووناک، دە بلندی [دا]
مردن قەت [وە] ژوور ناکەوێ!
کە وەخت [ی] دێ، ڕەب بانگمان دەکا
بۆ ژیانی ئەبەدی!
دەنووین، بلا نە [ئەبەدی]!

هەروەها چەند کۆپلەیەکی دیکەش وەکوو نموونە دەخەمە بەرچاو:

ئاخ چەند خۆشحاڵی زۆر دەبێ
وەختێ کن خوڵای دەگەین = [دەگەینە کن خوڵای].
هیچ کەس ناتوانێ بڵێ
دە ئاسمان چەند خۆش دەبین = [لە ... .]
لەکن یەسووع! لەکن یەسووع!
ئەوی کە دەحوبێنین!

«خۆشیی ئاسمان، ژمارە ۲۵»

پیاڵەی زەمانە دەڕژێ
وەک کەف [ی] سەر ئاو زوو دەچێ
وە پاشان هیچ نامێنێ
ئەوەتا مردن زاڵمە
عومر [ی] سەر ئەرزی زۆر کورتە
لەنەکاو ئەمەش دەچین.

«مەتتا، ژمارە ٦»

یا ڕەب ئەگەر مومکین بایە
خیزی دنیا بژمێرێ = [بژمێردرێ]
دیسان کەس تەوانی نییە
گوناحم و نافامی و خراپی من
هەمووی بە تەواوی وان بژمێرێ

«گوناحکاریی ئینسان، ۲۳»

### ۳ــ۱ــ دواپین شیعر، وەکوو شیعرێکی نیشتمانی

پاش ئەوەی لەم پاڕانەوانە تەواو بووین؛ دەگەینە دواپین شیعر کە فاسووم وەکوو شیعرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دایناوە. بێ‌گومان ئەم قەشەیە ویستوویەتی ئەم ڕێگایەش بۆ ڕاکێشانی کوردان بەرەو ئایینی مەسیحییەت تاقیبکاتەوە و پێیان بڵێت ئەم ئایینە خەمی نیشتمانی کوردانیشی لەبەر چاوە. فاسووم تا کوێ سەرکەوتووە، یان هەوڵەکانی لەم پێناوەدا بەفیڕۆ چوون، یان نا، ئەو بابەتانەش جێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دیکەیە. وەکوو پێشتر باس کرا، فاسووم بە سەر هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانیدا کەوتووە و نووسراوەکانی سێبەری ڕێزمانی دیکەشی بە سەرەوەیە، بۆیە لە ژمارە ۳ ی «دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک» دا، سەرلەنوێ ئەوەندەی کراوە؛ هەڵە و کەموکووڕییەکانی بۆ ڕاست کراوەتەوە. لێرەدا لە ڕووی دەقی ئۆرژیناڵی «کتێبخانەی موجتەمەعی نگینی غەربی مەهاباد» شیعرەکە دەنووسینەوە و بە پێی پێویست هەڵەکان ڕاست کراونەتەوە؛ هەڵبەت زیاترین

مەبەست لە دیاری‌کردنی زەمانی هەنگاونانە بۆ نوێگەری و چرۆدانی نوێ‌بوونەوە. ئەم شیعرە لەم کتێبەدا بە ژمارەی ١٠٠، بە ناوی «میللەتی» تۆمار کراوە و بە سروودی نەتەوەیی دانراوە. وەک پێشتر باس‌کرا هەوای «بۆ پێشەوە سەربازانی مەسیحی» لە لایەن فاسوومەوە بۆی پێشنیار کراوە. هەروەها نووسراوە: «عیبریان ١١: ١٤-١٦».

(١) وەتەنی باپیرم،
کوردستان[ی] قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.
جێی دایک و بابمە
ماڵی خوشک و برا!
هەر تۆزێکی و بەردێکی
بۆم مروارییە.
وەتەنی باپیرم،
کوردستان[ی] قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.
(٢) وەتەنی مەحبووبی
کوردستانی بڵند،
ئەرزێک [ە] پڕ یادگاری
لە جحێڵیی من.
هەوای خۆش و ڕووناک
ئاوی سارد و پاک
شوانان بە هەزاران
وە سۆحبەتانی چاک!
وەتەنی باپیرم،
[کوردستانی قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.]
(٣) قوڵکە، ئەشکەوت، دۆڵی
هەر وەبیرم دێ
لێرە بووم بۆ ڕاوێ،
لەوێ بۆ شەڕێ؛
هەموو ئەو چتانە = [شتانە]
ڕابردوون وێستا
[لە] خراپە عەفووم بکە
یا ڕەب خولای گەورە!

وەتەنی باپیرم،
[کوردستانی قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.]
(٤) دەنگی زوڕنە [و] دەهۆڵ
هەوای پڕی بکە = [هەوای لێ پڕ بکە!]
زەوی، مێشە، بڵندی، قووڵ
هەموو پێکەوە بخوێنن
لەو قەومەی = [بۆو]
کە [لە] نێو واندایە!
[لە] بیر [وو] نەچێ ئەو [ان] زەحمەتی و خەمیان کێشاوە!
وەتەنی باپیرم،
[کوردستانی قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.]
(٥) خولّا [ی] باری‌تەعالای
ڕەحمان و ڕەحیم
هەرچی چاک و لازمە
لێت تەڵەب دەکەین
چاوت لەو وەتەنم بێ
دایم زیادی بکە
سلّامەتی و ڕەحەتیی
هەمیشە بیدە = [بیدەیە]!
وەتەنی باپیرم،
[کوردستانی قەدیم
کێو و شاخ و دەشتی
خۆشن بۆ دڵم.]

**٤ــ ئەنجام**[1]

ئەم وتارە پەنجەی خستە سەر بابەتێک لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا و بۆچوونێکی نوێی پێشکەش کرد و سەردەم و شوێنی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی کرد؛ بەم شێوە کە ئەم توێژینەوەیە سەردەمی دەست

[1] بەڕێز کاک هێدی لە دۆزینەوەی بابەتەکاندا گەلێک یاریدەی دام و چی پێویستم بوو؛ بۆی دۆزیمەوە. ئەگەر هاوکاریی بەڕێزیان و کاک حەسەن قازی نەبا؛ بێ‌گومان بابەتەکەم ئاوا بۆ نەدەنووسرا.

دەست پێکردن و چەکەرەکردنی شیعری نوێی کوردی، قۆناغێک بۆ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی و وردتر بۆ ساڵی۱۹۱۲، کە لویس ئۆلسن فاسووم لەو ساڵەدا کتێبی شیعرانی ڕووحانی چاپ کرد؛ بردە دواوە. شوێنی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی پێشتر دەڤەری سلێمانی بوو؛ بەڵام بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە دەبێتە شاری سابڵاغ کە فاسووم لەوێدا نیشتەجێ بووە. کەوابوو بەم پێیە هەم شاعیری دەستپێکەر، هەم سەردەم و هەم شوێنی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی دەگۆڕێت و مێژووی شیعری نوێ ئاراستەیەکی تر پەیدا دەکات.

فاسوومی ئەمریکایی- نۆرویژی، وەکوو مرۆڤێکی ئایینی گەرچی چالاکی و تێکۆشانی لە پێناو شیعر هۆنینەوە بە زمانی کوردی کارێکی بەرچاو و گرنگە، بەڵام ئەو کارەی بە بێ مەبەستی بانگەشە و پڕۆپاگەندە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کورد بەرەو ئایینی مەسیحییەت نەبووە. فاسووم چەند بەرهەمێکی پێشکەش کردووە کە گرنگترینیان لە بواری شیعری کوردیدا، *کتێبی «شیعرانی ڕووحانی»* یە، کە بریتییە لە چەپکێک شیعر کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەشێکیشی شیعری خۆیەتی. فاسووم لەو شیعرانەدا زیاتر لە کێشی پەنجە**یی** کە بە کێشی خۆماڵی ناسراوە؛ کەڵکی وەرگرتووە و کاریگەریی کتێبی *توحفەی موزەففەرییە* بەسەر شیعرەکانی هەست دەکرێت. شیاوی باسە لە دەستنووسی فاسوومدا دانانی چوکڵە لەسەر لامی قەڵەو دەستپێشخەرییەکی سەرنجڕاکێشە لە ڕەوتی ڕێنووسی کوردیدا.

## سەرچاوەکان


ئیلخانیزادە، سوارە (٢٠١٤). *شەنگەسوار*، سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە. ئامادە کردن و پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی، کۆکردنەوەی عومەر ئێلخانی. سلێمانی: غەزەلنووس.

حوسێنپوور، جەعفەر (هێدی) (٢٠١٦). *ئینجیل بە کوردی موکریانی*.

*ئینجیلی موقەددەس* (١٩١٩). وەرگێرانی فاسووم لە زمانی سەرەکی یۆنانییەوە،

فاسووم، لویس ئۆلسن (١٩١٢). *کتێبی شیعرانی رووحانی*. [شوێنی چاپ: نادیار. چاپی دووهەم ١٩١٤-١٩١٥].(دوایین لاپەرەی ئەم کتێبە کە فاسووم بە ئینگلیسی نووسیویەتی؛ ئوستاد عەلی مەیمەندی تایبەت بەم وتارە کردوویەتە کوردی).

فاسووم، لویس ئۆلسن (١٩١٩). *رێزمانی زمانی کوردی بەکردەوە*.

قازی، حەسەن (٢٠٠٨). *سروودێکی لەبیرکراوی کوردی*.

https://ruwange.blogspot.com [رێککەوتی دەست پێ‌ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٣/١].

کەریمی، عەلی (٢٠٠٨). *نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک*. ئامادە کردنی عەلی کەریمی، بەشی دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک. بۆ لاوەکانی کورد، ١٩٤٣، لل ٩٠-٩٣. لەم چاپەی بنکەی ژیندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨، لە رووی زنجیرەی لاپەڕەکانەوە دەبێتە لل ٢٨٤٠٢٨٧.

لۆر، ئێن. جەی. (٢٠٠٨). *کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە چالاکییەکان لە کوردستان*. وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی. https://ruwange.blogspot.com [رێککەوتی دەست پێ‌ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٢/٢٨].

لێگری، جان. (٢٠٠٩). *ئێل. ئۆ. فاسووم میسیۆنێری کوردان*. ئاوریلی ١٩٦٨. وەرگێرانی لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی.

https://ruwange.blogspot.com [رێککەوتی دەست پێ‌ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٤/١].

نەبی، عەدەن (٢٠٠٧). *یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ئێران*. وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی.

https://ruwange.blogspot.com [رێککەوتی دەست پێ‌ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٤/١].